زۆر بەڕێزان :

خوشکە خدیجەخانی بەسەبروتاقەت وخوشەویستان کاک کمال و شلیرخان و،گشت ئەندامانی بنەماڵەی تێکۆشەری‌سیاسی ودیموکراتخوازو نووسەر ورۆشنبیری ناوداری کوردستان ماموستا کەریمی‌حیسامی نەمر . ستوکهولم.سوید پێشکەش بێت.

بە داخ وئازارێکی زۆرەوە ئێش وژانی ڕۆژانی نەخۆشی سەخت و هەمیشە زەردە خەنە لەسەر لێوو رومەتی کاک کەریم بە دەنگدانەوەی هەواڵی‌دڵتەزێنی رۆژی 6 ئوکتوبەر وکۆچکردنی بەلاشەی حیسامی ماندو نەناس کۆتایی هات.

لە راستیدا کۆستی لە ژیان دەرچوونی‌ماموستا کەریم ڕاستە بە پلەی یەکەم بەشی ئێوەیە . بەڵام راستیش ئەوەیە کە لە دەستچوونی توانا و ڕۆڵی خەبات و کۆششە جوراوجۆرە کانی هەر لە لاویەوە تا دووا هەناسەی ژیانی . ساڵانی درێژی خەباتی حزبی‌سیاسی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و،زیندان وئاوارەبوونی هەندەران و، شارەزایی وتواناکانیەتی وەك نووسەر ورۆشنبیر و تێکۆشەرێکی ناوداری گەل ونیشتمانە کەمان و. بەتایبەتیش بۆ جەماوەری [illegible] ئیخواز وپیشکەوتوخوازانی رۆژهەلاتی‌کوردستان وئیران وکوردستان بە گشتی و. بۆ هەموومان پێکەوە یە .

ئێمەی شیوعیەکانی کوردستان پێمان وایە کۆچکردنی‌ماموستاکەریم خەسارەتێکی دیارە بۆ خەباتی سەخت و دژواری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە رۆژهەلاتی نیشتمانی کوردستان بە گشتی . هەروەهاش پاشماوە گرنگ وبەکەڵکانی شایانی ڕێزلێنانە بە لامانەوە ماموستای ماندوو نەناس چ لە" بیرەوەریەکانی خۆی وخەباتی میللەتەکەی وحزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران "و،چ دەورانی پەیکی ئیران ولە سەرکوماری کوردستان وپارتیزانی و، وەرگیرانە ترییە وانەکانی لە زمانی فارسیەوە بۆ زمانی کوردی و، هەروەهاش رۆژنامەی "سەردەمی نوی"ی لە سوید و. چ بە گێرانی دەیان کۆڕ وسمیناری بە پیزی لە شارەکانی ولاتانی ئەوروپادا و، خەمخوریە ڕەواکانی بە"نەفرەت لە شەری براکوژی" و دەیان بواری تردا هەیەتی. بە هەمیشە زیندویی بۆ کوڕە وەرزیر و هەژار و تێکوشەرەکەی گوندی" بەیرەم "ی مهاباد ورۆژهەلاتی کوردستان نامزەد وپڕ رێز دەمینێتەوە..

کۆمیتەی رێکخستنی دەرەوەی حزبی شیوعی کوردستان ، وهاوریبیانی تێکوشانی‌هاوری کەریمی هەمیشە زیندو. سەرە خۆشی خۆمان وبەشداری کردنی‌خۆمان لەم خەم وپەژارە گەورەیەتاندا، کە خەم وپەژارەی خۆمان وگشت تێکۆشەرە دڵسۆزەکانی میللەتەکەمانە، پێشکەش دەکەین. داوای خۆڕاگرتن بۆ ئێوە و تەمەن درێژیتان و، بۆبنەماڵەکەی وهاوخەباتانی رێگای ئازادی ودیموکراتی کاک کەریم ئەکەین .

نەمری بۆ کاک کەریمی حیسامی ماندو نەناس.

2001_10_7

کۆمیتەی رێکخستنی دەرەوە

حزبی شیوعی کوردستان .عێراق